# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٢٥) ساڵی بیست وچوار ١٧تشرینی یەکەم ٢٠٢٤زاینیی ٢٦ ڕەزبەر ٢٧٢٤ کوردی ١٤ ربیع دووەم ١٤٤٦ کۆچی

325



**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** لا ١

ڕێنمایی میکانیزمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ١٦

هەمواری چوارەمی ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق

ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

**بەیانی ژمارە (١١ و ١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ٢٢

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن** ٢٣

هەمواری بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦

**بەیانی ژمارە (١٤ و ١٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ٢٤



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٢٥) السنة رابعة وعشرون ١٧ تشرينى الأول ٢٠٢٤ م. ٢٦ ڕەزبەر ٢٧٢٤ ك. ١٤ ربيع الثاني ١٤٤٦ هـ.

325

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ١ |
| تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١٦ |
| بيان رقم (١١ و ١٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل | ٢٢ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الاعمار والسكان | ٢٣ |
| بيان رقم (١٤ و ١٦) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٢٤ |

No. 325 Date: October 17, 2024 - Vol.: 24

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٨ - ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٦٦٢٢٤٥٥١٤

نرخ ١٥٠٠ دينار

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٨٤٦٤ لە ٢٠٢٤/٩/٢٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩ و بەشی (٣٦بڕگەی/١) لە یاسای هاتوچۆ فیدراڵ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، بە یاسای ژمارە (٣٦) ساڵی ٢٠٠٧. بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی میکانیزمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە، ئەم مانایانە دەگرێتە خۆ کە بەرامبەریان دیاریکراوە: -

١- **هەرێم**: - هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **وەزارەت**: - وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **وەزیر**: - وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- **بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ**: - بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و هاوشێوەکانی.

٥- **ئەفسەری مۆڵەت**: - ئەفسەری ڕێگەپێدراو بە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە لایەن بەڕێوەبەری هاتووچۆی تایبەتمەند.

٦- **مۆڵەتی شوفێری**: - بەڵگەنامەیەکە کە ڕێگە بە هەڵگرەکەی دەدات شوفێری بکات لە ناو هەرێمی کوردستان و عێراق.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان**

ئامانج لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستن و یەکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی دەرهێنان و گۆڕینی مۆڵەتی شوفێرییە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر، بە سیستەمی نوێ لە هەرێمی کوردستان بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.

**مۆڵەتی شوفێری جۆری A**

**ماددەی (٣):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی شوفێری ماتۆڕسکیلێک بکات، کە قەبارەی هێزی بزوێنەرەکەی لە (125 cc) کەمتر نەبێت، و ماتۆرسکیلی جۆری وزەی دوانە (هجین، hybrid یان کارەبایی) بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- تەمەنی (١٦) شازدە ساڵی تەواو کردبێت.

٣- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.
٤- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:
أ- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.
ب- کارتی زانیاری.
ج- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.
٥- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.
٦- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.
٧- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.
٨- خولەکانی تیۆری و پراکتیکی ببینێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێ دراوە.
٩- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

## مۆڵەتی شوفێری لەجۆری B

**ماددەی (٤):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: رێگا دەدات بە هەڵگرەکەی شوفێری ئۆتۆمبێلێک بکات، کە کێشی ئۆتۆمبێلەکەی بە بارەوە لە (٣٥٠٠) کیلۆ گرام زیاتر نەبێت، و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و بە هەردووکیان بە بارەکانیانەوە کێشی لە (٣٥٠٠) کیلۆ گرام زیاتر نەبێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، یان بە شێوەیەکی یاسایی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بێت و کارتی نشینگەکەی بەسەر نەچووبێت.
٢- تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.
٣- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.
٤- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:
أ- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.
ب- کارتی زانیاری.
ج- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.
٥- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.
٦- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.
٧- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.

٨- خولەکانی تیۆری و پراکتیکی بینیبێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.
٩- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی.
١٠- هەڵگری ئەم جۆرە مۆڵەتە دەتوانێت ئامێری جۆری (T) لێبخوڕێت، بەهەمان مەرجی کێشی ئۆتۆمبێل و عەرەبانە.

**مۆڵەتی شوفێری لەجۆری BE**

**ماددەی (٥):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی، شوفێری ئۆتۆمبێلێک بکات و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت، کە کێشی عەرەبانەکە لە (٧٥٠) کیلۆ گرام زیاتر بێت، بەو مەرجەی، کێشی عەرەبانەکە بە بەتاڵی لە (٣٥٠٠) کیلۆ گرام زیاتر نەبێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- پێشتر مۆڵەتی جۆری B بەدەست هێنابێت و ساڵێکی بەسەردا تێپەڕ بووبێت.
٢- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.
٣- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:
أ- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.
ب- کارتی زانیاری.
ج- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.
٤- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.
٥- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.
٦- پێویستە هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە بکات کە لەو سنوورەیە.
٧- بەشداریکردن لە خولەکانی پراکتیکی، لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.
٨- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**مۆڵەتی شوفێری لەجۆری C1**

**ماددەی (٦):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی شوفێری ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بکات،کە کێشی بە بارەوە لە نێوان (٣٥٠٠) بۆ (٧٥٠٠) کیلۆگرام بێت، و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت، جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ماددەی (١٠)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە، بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- تەمەنی (٢٠) بیست ساڵی تەواو کردبێت.

٣- پێشتر مۆڵەتی جۆری B بەدەست هێنابێت و ساڵێکی بەسەردا تێپەڕبووبێت.

٤- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.

٥- هاوپێچ کردنی وێنەیەک لەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:

أ- مۆڵەتی شوفێری جۆری B.

ب- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.

ج- کارتی زانیاری.

د- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.

٦- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.

٧- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.

٨- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.

٩- خولەکانی تیۆری و پراکتیکی بینیبێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.

١٠- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**مۆڵەتی شوفێری لەجۆری C1E**

**ماددەی (٧):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی شوفێری ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بکات، کە کێشی بە بارەوە لە نێوان (٣٥٠٠) بۆ (٧٥٠٠) کیلۆگرام بێت، و عارەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بەبارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتربێت ، بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- پێشتر مۆڵەتی جۆری C1 بەدەست هێنابێت.

٣- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.

٤- هاوپێچ کردنی وێنەیەک لەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:

أ- مۆڵەتی شوفێری جۆری C1.

ب- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێڕاقی.

ج- کارتی زانیاری.

د- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.

٥- پڕکردنەوەی فۆڕمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.

٦- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.

٧- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.

٨- خولەکانی پراکتیکی ببینێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.

٩- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

١٠- هەڵگری ئەم جۆرە مۆڵەتە دەتوانێت ئۆتۆمبێلی جۆری (BE) لێبخوڕێت.

## مۆڵەتی شوفێری لەجۆری C

**ماددەی (٨):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بکات، کە کێشی بە بارەوە لە (٣٥٠٠) کیلۆگرام زیاتر بێت، و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر بێت جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ماددەی (١٠)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە، بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- تەمەنی (٢٠) بیستساڵی تەواو کردبێت.

٣- پێشتر مۆڵەتی جۆری B بەدەست هێنابێت و ساڵێکی بەسەردا تێپەربووبێت.

٤- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.

٥- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:

أ- مۆڵەتی شوفێری جۆری B.

ب- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.

ج- کارتی زانیاری.

د- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.

٦- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.

٧- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.

٨- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.

٩- خولەکانی تیۆری و پراکتیکی، لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.

١٠- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

## مۆڵەتی شوفێری لەجۆری CE

**ماددەی (٩):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لە جۆری ترەیلەر و (قاطرة و مقطورة) بکات، کە کێشی لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاترە، بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- پێشتر مۆڵەتی جۆری C بەدەست هێنابێت.

٣- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.

٤- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:

أ- مۆڵەتی شوفێری جۆری C.

ب- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.

ج- کارتی زانیاری.

د- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.

٥- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.

٦- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.

٧- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.

٨- خولەکانی پراکتیکی بینیبێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.

٩- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

١٠- هەڵگری ئەم جۆرە مۆڵەتە دەتوانێت ئۆتۆمبێلی جۆری (BE و T) لێبخوڕێت.

## مۆڵەتی شوفێری لەجۆری D1

**ماددەی (١٠):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی شوفێری پاس بکات، کە ژمارەی سەرنشین و شوفێرەکەی لە (١٦) شازدە کەس زیاتر نەبێت، و درێژی پاسەکە لە (٨) هەشت مەتر زیاتر نەبێت، و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- تەمەنی (٢٠) بیست ساڵی تەواو کردبێت.

٣- پێشتر مۆڵەتی جۆری B بەدەست هێنابێت و ساڵێکی بەسەردا تێپەربووبێت.

٤- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.
٥- هاوپێچ کردنی وێنەیەک لەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:
أ- مۆڵەتی شوفێری جۆری B.
ب- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.
ج- کارتی زانیاری.
د- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.
٦- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.
٧- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.
٨- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.
٩- خولەکانی تیۆری و پراکتیکی ببینێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.
١٠- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**مۆڵەتی شوفێری لەجۆری D1E**

**ماددەی (١١):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی شوفێری پاس بکات، کە ژمارەی سەرنشین و شوفێرەکەی لە (١٦) شازدە کەس زیاتر بێت، و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر بێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.
٢- پێشتر مۆڵەتی جۆری D1 بەدەست هێنابێت.
٣- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.
٤- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:
أ- مۆڵەتی شوفێری جۆری D1.
ب- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.
ج- کارتی زانیاری.
د- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.
٥- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.
٦- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.
٧- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.

٨- خولەکانی پراکتیکی بینیبێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.
٩- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی.
١٠- هەڵگری ئەم جۆرە مۆڵەتە دەتوانێت ئۆتۆمبێلی جۆری (BE) لێبخوڕێت.

**مۆڵەتی شوفێری لەجۆری** D

**ماددەی (١٢):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلێکی پاس بکات، و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.
٢- تەمەنی (٢٠) بیستساڵی تەواو کردبێت.
٣- پێشتر مۆڵەتی جۆری B بەدەست هێنابێت و ساڵێکی بەسەردا تێپەربووبێت.
٤- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.
٥- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:
أ- مۆڵەتی شوفێری جۆری B.
ب- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.
ج- کارتی زانیاری.
د- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٤×٣)سم.
٦- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.
٧- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.
٨- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.
٩- خولەکانی تیۆری و پراکتیکی بینیبێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.
١٠- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**مۆڵەتی شوفێری لەجۆری** DE

**ماددەی (١٣):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئۆتۆمبێلێکی پاس بکات، و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر بێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- پێشتر مۆڵەتی جۆری D بەدەست هێنابێت.

٣- داواکارییەک پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.

٤- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:

أ- مۆڵەتی شوفێری جۆری D.

ب- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.

ج- کارتی زانیاری.

د- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.

٥- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.

٦- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.

٧- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات دەبێت، لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.

٨- خولەکانی پراکتیکی بینیبێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.

٩- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

١٠- هەڵگری ئەم جۆرە مۆڵەتە دەتوانێت ئۆتۆمبێلی جۆری (BE) لێبخوڕێت.

**دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری جۆری T**

**ماددەی (١٤):**

مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری ئامێری کشتوکاڵی بکات، کە خێراییەکەی لە (٤٠) کیلۆمەتر زیاتر نەبێت و دەتوانێت عەرەبانەیەک ڕابکێشێت، و شوفێری ئامێری بیناسازی بکات، کە خێراییەکەی لە (٦٠) کیلۆمەتر زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.

٣- پێشکەشکردنی داواکارییەک بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

٤- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامە فەرمیانەی خوارەوە بە کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ:

أ- کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.

ب- کارتی زانیاری.

ج- (٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ قەبارەی (٣×٤)سم.

د- پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت.

٥- دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە.
٦- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات دەبێت، لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.
٧- خولەکانی تیۆری و پڕاکتیکی ببینێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە.
٨- دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**مۆڵەتی شوفێری تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵا و نابیستان**

**ماددەی (١٥):**

١- تەنیا مۆڵەتی شوفێری جۆری تایبەتساڵۆن (BE،B) بە (نابیستان) دەدرێت بە پێی ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە دیاری کراوە.
٢- پێدانی گشت مۆڵەتەکانی شوفێری بە (خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا) بە پێی ئەو مەرجانەدەبێت کە لەم رێنماییە دیاری کراوە.
٣- داواکار (خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا و نابیست) خولەکانی تیۆری و پڕاکتیکی ببینێت لە یەکێک لە ناوەند یان نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی پێدراوە بەرەچاوکردنی دابینکردنی (مامۆستای زمانی ئاماژەکان) بۆ نابیستان.
٤- پێویستە ناوەند و نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری ئۆتۆمبیلی تایبەت بە راهێنانی پراکتیکی خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵا و نابیست دابین بکەن.
٥- پێویستە ئەم مەرج و رێکارانەی خوارەوە بۆ پێدانی مۆڵەتی برگەی (١و٢)ی ئەم ماددەیە سەرەڕای ئەو مەرجانەی کە لەم رێنماییە هاتووە :
أ- چاپکردنی نیشانە یان ئاماژەیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا و نابیستان لەسەر دیوی پشتەوەی مۆڵەتی شوفێرییەکە.
ب- بەپێی باری خاوەن پێداویستی تایبەت و نابیست و کورتەباڵا، زیادە گۆڕانکاری بکرێت (تحویرات) یان شوێنی دانانی ئەندامانی دەستکردی جەستە لە ئۆتۆمبێل کە ئەم زیادە گۆڕانکارییانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند دیاری دەکرێت و لە پشکنینی pvi دەربچێت.
ج- ئەگەر داواکار تەنیا لە تاقیکردنەوەی ئۆتۆمبێل لە جۆری (گێر ئۆتۆماتیک) دەرچوو ئەوا ئەو نیشانەیەی کە لە جیهان کاری پێدەکرێت لەسەر مۆڵەتەکەی چاپ دەکرێت، کە نابێت ئۆتۆمبێلی جۆری گێر ئاسایی(عادی) لێبخوڕێت.
د- باجێکی تایبەت بە خاوەن پێداویستی دروست دەکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند، کە گشت زانیارییەکانی خاوەن پێداویستی تێدا دەنوسرێت بە وێنەیەکی کەسی و بەبێ بەرامبەر.

٥- چەسپاندنی هەستەوەر (حساس) لە پێش و پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە و بەستنەوەی بە داشبۆردی ئۆتۆمبێلەکە لە پێش شوفێرەکە لەکاتی زۆر نزیکبوونەوەی ئۆتۆمبێلی دەوروبەری بەگلۆپێک ئاگادار بکرێتەوە بۆ نابیستان.

و- هاوولاتی خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەبالا و نابیستانی نەخوێندەوار دەبێت خولێکی خوێندنیان بۆ بکرێتەوە لە قوتابخانە تایبەتمەندەکان.

٦- دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوەی تیۆری وپراکتیکی لە هۆڵ و گۆڕەپانەکان تاقیکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

٧- چەسپاندنی لۆگۆیەکی تایبەت بە (خاوەن پێداویستی تایبەت یان نابیستان یان کورتەبالا) لە جامی پێشەوە و پشتەوەی ئۆتۆمبێل بەپێی ستاندارد بۆ ئەوەی شوفێری ئۆتۆمبێلەکانی دیکە لە شەقامەکان ئاگاداربن.

٨- پێویستە خاوەن پێداویستی تایبەت لەداوی بەدەستهێنانی مۆڵەتی شوفێری، ئۆتۆمبێلێکی تایبەت لێبخوڕێت، کە شیاو بێت بۆ جۆری پێداویستی تایبەتەکەی بەپێی راپۆرتی پشکنینی مەرجەکانی سەلامەتی بۆ ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە.

٩- ئەو نیشانەو ئاماژانە و باج و لۆگۆیانەی لەم ماددەیە هاتووە، دوای دیزاین کردن و دیاریکردنیان بە فەرمانێکی وەزاری لەلایەن وەزیرەوە پەسەند دەکرێت.

**مۆڵەتی شوفێری لەجۆری تاکسی**

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:** مۆڵەتی شوفێری جۆری (B) بەم مەرجانەی خوارەوە دەگۆردرێت بە جۆری (تاکسی):

١- هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- تەمەنی (٢٠) بیست ساڵی تەواو کردبێت.

٣- پێشتر مۆڵەتی جۆری B بەدەست هێنابێت و ساڵێکی بەسەردا تێپەڕبووبێت.

٤- ناردنی بۆ لیژنەی پزیشکی کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری دیاری کراوە، دیاری بکرێت ئەم کەسە شیاوە بۆ شوفێری تاکسی.

٥- هێنانی بەڵگەنامەی نەبوونی تاوان (شهادة عدم المحكومية) لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەڵگەکانی تاوان کە بسەلمێنرێت داواکار بە تاوان یان کەتنێکی ئابڕووبەر یان تاوانی کوشتن سزا نەدرابێت.

٦- هەرکەسێک کە داوای مۆڵەتی شوفێری دەکات، دەبێت لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی خۆی، لەو بەڕێوەبەرایەتییە داوا بکات کە لەو سنوورەیە.

**دووەم:**

١- گۆڕینی مۆڵەتی شوفێری لە جۆری(B) بۆ (تاکسی) تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی ناکات.

٢- لە دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی لۆگۆی تاکسی مۆڵەتی شوفێری دەگۆڕدرێت بە مۆڵەتی تاکسی.

٣- دەستەواژەی (TAXI) لەسەر پشتی کارتی مۆڵەت دەنووسرێت لە شوێنی تێبینییەکان وەک ئاماژەیەک بۆ مافی خاوەنەکەی بۆ کارکردن وەک شوفێری تاکسی.

**ماوەی کارپێکردنی مۆڵەتی شوفێری**

**ماددەی (١٧):**

١- گشت جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ کاری پێ دەکرێت نوێ دەکرێتەوە؛ بە مەرجی ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییەکان، کە دیاری کراوە بۆ پێدانی مۆڵەتی شوفێری و پێدانی ئەو رسوماتەی (میرانە)، کە لەم رێنماییە دیاری کراوە.

٢- هەرکەسێک کە مۆڵەتی شوفێری هەیە لەپێش (٦) شەش مانگ بەر لە رێکەوتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی دەتوانێت داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات.

٣- هەر کەسێک ئارەزوومەندە مۆڵەتی شوفێرێکەی هەڵبوەشێنێتەوە (ترقین) بکات، دەبێت داواکارییەک پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکات و ئەو ڕسوماتە بدات، کە لە خاڵی یەکەم لە مادەی (١٨) دیاریکراوە.

**ئەحکامە داراییەکان**

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم: ڕسومات (میرانە)**

١- بڕی (٥،٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر هەر داواکارییەکی مۆڵەتی شوفێری.

٢- بڕی (٥،٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر بە پێدانی فۆرمی مۆڵەتی شوفێری بۆ هەموو جۆرەکانی و هەر جۆرە مامەڵەیەکی تر.

٣- بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر بە پێدان و نوێکردنەوەی کارتی مۆڵەتی شوفێری.

٤- بڕی (٦٠،٠٠٠) شەست هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر بە دەرکردنی کارتی مۆڵەتی شوفێری لە کاتی تێکچوون یان وونبوون.

٥- بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت زیاتر لەوەی کە لە خاڵی (٣)ی ئەم ماددەیە دیاری کراوە بەرامبەر بە پێدانی مۆڵەتی شوفێری نوێ پێش تەواوبوونی وادەی مۆڵەتی شوفێری کۆن.

**دووەم:** پێبژاردن: بڕی (٥،٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر بە هەر مانگێک دواکەوتن لە نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری، پاش (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی، ئەگەر شوفێر لە ناو عێراق بێت، تا (٩٠) ڕۆژ، ئەگەر شوفێر لە دەرەوەی عێراق بێت.

**سێیەم:** ئەو ڕسومات و پێبژاردنانەی، کە لەم ماددەیە دیاریکراون، وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر داهاتی پەرەپێدانی هاتوچۆ، بەگوێرەی یاسا و ڕێنمایی بەرکار.

## گۆڕینی مۆڵەتی شوفێری بیانی

**ماددەی (١٩):**

**یەكەم:** گۆڕینی مۆڵەتی شوفێری بیانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- مۆڵەتی شوفێری بیانی جۆرەكانی (A) و (B) و (BE) دەگۆڕێت بۆ مۆڵەتی نوێی شوفێر لە هەرێم و تەنها بۆ ماوەی یەک ساڵ كاری پێ دەكرێت.

٢- دوای تەواوبوونی ماوەی بڕگەی (١)ی سەرەوە پێویستە كەسی بیانی مۆڵەتی شوفێری نوێ دەربكات، بەپێی ئەو مەرجانەی كە لەم ڕێنماییە دیاری كراوە، و مۆڵەتی شوفێری لەجۆری (A) و (B) و (BE) بۆ ماوەی (٥) ساڵی پێ دەدرێت.

٣- پێویستە كەسی بیانی بڕی پارەی دیاریكراو لە بڕگەی (٥)ی ماددەی (١٨)ی ئەم ڕێنماییە بدات.

٤-فەرمانبەرانی بیانی كونسوڵگەرییەكان، كە لە هەرێمی كوردستان بوونیان هەیە، جگە لە كونسوڵگەرییە فەخرییەكان مۆڵەتی شوفێرییان پێ دەدرێت، بەپێی بڕگەكانی (١و٢)ی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە.

**دووەم:** پێویستە كەسی بیانی نشینگەی فەرمی هەرێمی كوردستانی هەبێت و بەسەر نەچووبێت.

## ونبوونی مۆڵەتی شوفێری

**ماددەی (٢٠):**

١- لە كاتی ونبوونی مۆڵەتی شوفێری، پێویستە خاوەنی مۆڵەتی شوفێری بۆ پێدانی كارتێكی نوێ، لە پۆلیسی ونبووەكان داواكاری تۆمار بكات و بڕیاری دادگا دەربچێت بە پێدانی كارتی نوێ مۆڵەتی شوفێری لەجیاتی كارتی ونبوونەكە.

٢- پێدانی بڕی ئەو رسووماتەی كە لە بڕگەی (٤)ی یەكەم ماددەی (١٨) ئەم ڕێنماییە، كە دیاری كراوە.

## فۆرمی مۆڵەتی شوفێری

**ماددەی (٢١):**

فۆرمی تایبەت بە داواكاری مۆڵەتی شوفێری و نوێكردنەوە و گۆڕینی جۆری مۆڵەت، لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێک دەخرێت، كە لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەكانی هاتوچۆ كاری پێ دەكرێت.

## هاووڵاتیانی سنووری ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان

**ماددەی (٢٢):**

١- هاووڵاتیانی سنووری ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە دانیشتووانی هەرێمی كوردستانن، بەپێی كارتی زانیاری یان پشتگیری موختار و قائیمقامیەت مۆڵەتی شوفێریان پێ دەدرێت، بەپێی ئەو میكانیزمەی كە لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٢- ئاوارەكانی دانیشتووی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان هەرێمی كوردستان دەتوانن داوای مۆڵەتی شوفێری بكەن، بە مەرجێک پەسەندێک لە بەڕێوەبەرایەتی كۆچ و كۆچبەران و بەڕێوەبردنی قەیرانەكان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆی تایبەتمەند پێشكەش بكەن، كە بیسەلمێنێت ئاوارەیە و لە یەكێک لە كەمپەكان، یان لە دەرەوەی كەمپەكان نیشتەجێیە، و هەموو جۆرە مۆڵەتێكیان پێ دەدرێت بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢٣):**

١- ئەو مۆڵەتە شوفێریانەی کە ئێستا بەرکارن، کاریان پێ دەکرێت تا تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی شوفێری.

٢- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (تایبەت) مۆڵەتی شوفێری جۆری (B)یان پێ دەدرێت.

٣- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری لە جۆری (گشتی) مۆڵەتی شوفێری جۆری (B) و (C1) و (D1)یان پێ دەدرێت، و بەپێی داواکارییەک دەتوانێت داوای جۆری سەرووتری یەکێک لەوانە بکات، بە مەرجێک بیسەلمێنێت، کە ئەو جۆرە مۆڵەتەی بەکارهێناوە و پێویستی پێیەتی لەبەر تایبەتمەندی ئۆتۆمبێلەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی داواکراو تۆمار کرابێت.

ب- شوفێری ئۆتۆمبێل بێت بە مەرجێک، گرێبەستی کارکردنی پەسەندکراوی هەبێت، بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، یان شوفێری دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکان بێت و پشتگیری فەرمی پێشکەش بکات.

ج- ئەو مۆڵەتە بەدەر دەکرێت لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە، ئەگەر خاوەن ئۆتۆمبێل شوفێر بێت بەم شێوەیە (دایک، باب، کوڕ، کچ، هاوسەر).

٤- هەڵگری مۆڵەتی شوفێری جۆری بیناسازی مۆڵەتی جۆری C پێدەدرێت ، بەمەرجێک مۆڵەتی جۆری تایبەت و گشتی هەبووبێت، بەپێچەوانەوە تەنها مۆڵەتی جۆری T پێدەدرێت.

٥- ئەگەر هاووڵاتییەک ئارەزووی هەبوو بە دەرکردنی مۆڵەتی شوفێری نوێ پێش تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی شوفێری کۆن، پێویستە ئەو بڕە پارەیەی کە لە بڕگەی (یەکەم) خاڵی (٥) لە مادەی (١٨) لەم ڕێنماییە کە دیاری کراوە، بدات.

**ماددەی (٢٤):**

لە دوای ساڵێک لە بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە دەبێت سیستەمی تاقیکردنەوەکانی پراکتیکی یەک بخرێت، بەو شێوازی تاقیکردنەوەی ناو گۆڕەپان بەو میکانیزمەی کە لە ئێستادا لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگای هەولێر و دهۆک جێبەجێ کراوە، و تاقیکردنەوەی دەرەکی بەو میکانیزمەی کە لە ئێستادا لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە جێبەجێ کراوە، لەگەڵ گۆڕینی سیستەم بۆ سیستەمی تاقیکردنەوەی زیرەک.

**نرخی تاقیکردنەوەکان**

**ماددەی (٢٥):**

**یەکەم:**

١- نرخی تاقیکردنەوەی تیۆری بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار دەبێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک.

٢- نرخی تاقیکردنەوەی پراکتیکی ناو گۆڕەپان بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار دەبێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک.

٣- نرخی تاقیکردنەوەی پراکتیکی دەرەکی لە سەر شەقام بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار دەبێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک.

**دووەم:**

١- لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناو گۆڕەپان، هەر زەرەر و زیانێک بەر ئۆتۆمبێلی تاقیکردنەوە بکەوێت ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو شوفێرەی کە تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدات.

٢- لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی، هەر زەرەر و زیانێک بەر ئۆتۆمبێلی تاقیکردنەوە بکەوێت لە دوای ئەنجامدانی هێڵکاری بۆ ڕووداوەکە ئەکەوێتە ئەستۆی لایەنی کەم تەرخەم.

**ئەحکامە گشتیەکان**

**ماددەی (٢٦):**

١- گوڕینی جۆری مۆڵەت لە گێر ئۆتۆماتیك بۆ گێڕی ئاسایی پێویستە شوفێر لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی سەر شەقام دەربچێت.

٢- ئەگەر شوفێر مۆڵەتی شوفێری هەبوو لە جۆری گێڕ ئۆتۆماتیك و تاقیکردنەوەی ئەنجامدا بۆ وەرگرتنی جورێکی تر کە گێڕ ئاسایی بوو ئەوا هەر مۆڵەتێکی هەبێت دەکرێتە گێر ئاسایی.

**ماددەی (٢٧):**

١-کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان و نووسراوێک ناکرێت کە تایبەت بێت بە دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- هەڵوەشاندنەوە و کارنەکردن بە ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢، جگە لە پاشکۆکانی ژمارە (١ و٢ و٣ و٤) هاوپێچی ڕێنماییەکە و هەردوو هەموارەکەی بە هەردوو ڕێنماییمان ژمارە (١ی ساڵی٢٠٢٣) و ( ٦ی ساڵی ٢٠٢٤).

٣- هەمان پاشکۆکانی ژمارە (١ و ٢ و ٣)ی هاوپێچی ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٢) کارپێدەکرێت بۆ ئەم ڕێنماییە.

٤- ئەم ڕێنماییە جێگرەوەی هەردوو ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٢)، کە تایبەتە بە دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری و ڕێنمایی ژمارە (٦ی ساڵی ٢٠٢٤) کە تایبەتە بە پێدانی مۆڵەتی شوفێری خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاو نابیستان دەبێت.

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٨٤٦٤ لە ٢٠٢٤/٩/٢٩**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٢٣) و بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٥٢) ی یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵ ١٩٨٧ ، ئەو ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری چوارەمی ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ماددەی (١):**

**یەکەم** : ووشەی (دەستەبەری) شوێنی ووشەی (بیمەی) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، هاتبێت .

**دووەم** : ووشەی ( بەرێوەبەرایەتی) شوێنی دەستەواژەی (بەرێوەبەرایەتی کار) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، هاتبێت .

**سێیەم** : دەستەواژەی (لیستی بێبەشکراو) شوێنی دەستەواژەی (لیستی ڕەش) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، هاتبێت .

**ماددەی (٢):**

**یەکەم** : هەموارکردنی بڕگەی (پێنجەم)ی ماددەی (١)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

**بەرێوەبەرایەتی** : بەرێوەبەرایەتی کار لە پارێزگاکان و بەرێوەبەرایەتی کارو راهێنانی پیشەیی لە ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم .

**دووەم** : زیادکردنی بڕگەی (حەڤدەم) و (هەژدەم) بۆ ماددەی (١)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، وئەمە دەقەکەیەتی :

**حەڤدەم**: گرێبەستی دابین کردنی کرێکاری بیانی : ڕێکەوتنێکە لە نێوان کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی و خاوەن کار ، پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت بۆ هێنانی کرێکاری بیانی کە خاوەن کار داوای کردبێت ، جا خاوەن کارەکە مەعنەوی یان سروشتی وەیان خاوەن ماڵ بێت.

**هەژدەم** : گواستنەوەی دۆسیە: گواستنەوەی دۆسیەی کرێکاری بیانییە لە بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی تر.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم** : هەموارکردنی بڕگەی (هەشتەم)ی ماددەی (١)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

(( مۆڵەتی کارکردنی کریکاری بیانی : بەڵگەنامەیەکی فەرمی یە لە بەرێوەبەرایەتی دەردەچێت ، ماف بە کرێکاری بیانی دەدات لە هەرێم کار بکات )) .

**دووەم** : هەموارکردنی بڕگەی (شازدەم)ی ماددەی (١)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

(( کرێکاری بیانی ناوماڵ : هەر کرێکارێکی بیانی کاری ناوماڵ ئەنجام بدات لە چوار چێوەی گرێبەستی کار لە شوینی مانەوەی خاوەن ماڵ لە هەرێم بەرامبەر بە کرێیەك )) .

**ماددەی (٤):**

**یەکەم** : هەموارکردنی خالی (٣)ی بڕگەی (چوارەم) و خاڵی (٤) ی بڕگەی (پێنجەم)ی ماددەی (٢)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، بە زیادکردنی ووشەی (و بەرێوەبەرایەتی) دوای رستەی (لە ڕێگای ئەم ماڵپەرەوە) .

**دووەم** : زیادکردنی بڕگەی (نۆیەم ) بۆ ماددەی (٢)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، ئەمە دەقەکەیەتی:

(( ماوەی مۆڵەتی گرێبەستی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێم ، (١) یەك ساڵە و دەکرێ بەپێی بازاری کار نویّ بکرێتەوە)) .

**ماددەی (٥):**

**یەکەم** : هەموارکردنی خالی (٣)لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤، بە زیادکردنی رستەیەك دوای دەستەواژەی (وەزارەتی ناوخۆ) و بەم شێوەیە :

(( بە هێنانی لاری نەبوون لە رووی ئەمنیەوە ))

**دووەم** : هەموارکردنی خاڵی (٤) لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤، بە زیادکردنی ئەو رستەیە لەکۆتایی ماددەکە ،وبەم شێوەیە :

(( وەك دڵنیایی (تأمينات) لە بانکێکی حکومی وەیان بانکێکی باوەرپێکراو )).

**سێیەم** : خاڵی (٥) ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، لادەبرێت وخاڵەکانی تر ڕێزبەندی نوێی تەواوکەر وەردەگرن.

**چوارەم** : هەموارکردنی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٤)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤، ئەمە دەقەکەیەتی:

**یەکەم** : ماوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی (١) یەك ساڵە و دەکرێ ساڵانە نویّ بکرێتەوە بە هەمان مەرجەکانی بەرامبەر بڕێك پارە کە لە پاشکۆی هاوپێچی ئەو ڕێنماییەدا دیاری کراوە .

**دووەم** : خاوەن مۆلەت (٣٠) سی رۆژ پێش بەسەرچوونی ماوەی مۆلەتەکەی رێکارەکانی نویّ کردنەوەی ئەنجام دەدات

**سێیەم** : دوای تێپەربوونی (١٥) پازدە رۆژ لە رێکەوتی کۆتایی هاتنی مۆلەتی کۆمپانیاکە و نویّ نەکردنەوەی مۆڵەتەکەی ، پێبژاردنی بەسەر دەسەپێندرێت کە لە پاشکۆی ئەو ڕێنماییەدا دیاری کراوە .

**چوارەم** : زیادکردنی بەندی (د)و (ە) بۆ خاڵی (١)ی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٤)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، ئەمە دەقەکەیەتی :

د - (( هێنانی پشتگیری لە فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ (ئاسایش ، تاوانە ریکخراوەکان و بازرگانی کردن بە مرۆڤ)).

**پێنجەم** : زیادکردنی خاڵێکی تر بە ژمارە (٥) بۆ بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی (٤)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤، ئەمە دەقەکەیەتی :

٥ -

أ - پاش ئاگادارکردنەوەی بۆ (٣) سێ جار بە پابەندنەبوونی بە یاساو ڕێنمایی هێنانی کریکاری بیانی .

ب- لە ئاگادارکردنەوەی (دووەم) و بە بریاری وەزیر بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ مۆڵەتی کارکردنی رادەگیرێت.

**شەشەم** : هەموارکردنی بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٤)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤، و دەکرێتە دوو خاڵ ، وبەم شیوەیە : لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی بە هەر هۆکاریك بێت :

١- نابێت هیچ کرێکارێکی بیانی لەئەستۆ مابێت :

أ- بە گەراندنەوەی بۆ ووڵاتی خۆی وەیان کۆمپانیایەکی تری هاوپیشە ،کریکارەکانی لەئەستۆ بگرێت.

ب- هێنانی ئەستۆپاکی لە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ناوچەکە .

٢- ئەو بڕە (تأمینات)ەی کە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ داینـاوە ، بۆی دەگەرێتەوە ئەگەر هیچ داوایەکی یاسایی ودارایی لەسەر نەبێت .

**ماددەی (٦):**

**یەکەم** : هەموارکردنی خاڵەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٥)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

١- کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی نوسراوێکی فەرمی پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی دەکات بۆ هێنانی کرێکاری بیانی ناوماڵ .

٢- کۆمپانیا بۆی هەیە تا (١٠) دە کرێکاری بیانی ناوماڵ بهێنێت لە مانگێکدا ، بەبێ داواکاری خاوەن ماڵ ، لەسەر ناوی کۆمپانیاکە و دەبێت لەو ماوەیە بخرێنە سەر کار ، ولەم ژمارەیە زیاتر ، بەپێی داواکاری خاوەن ماڵ دەبێت ، وئەم بەڵگانەی لەگەڵدا دەبێت :

أ- وێنەی رەسەنی داواکاری خاوەن ماڵ کە پەنجەمۆر کرابێت کە پێشکەشی کۆمپانیای کردووە لەگەڵ کارتی زانیاری وکارتی نیشتمانی داواکار.

ب- وێنەیەك لە گرێبەستی واژووکراو نێوان خاوەن کۆمپانیا و خاوەن ماڵ ، بەمەبەستی هێنانی کرێکاری بیانی ناوماڵ .

ج- وێنەیەك لە (CV) کرێکاری بیانی ناوماڵ بە زمانی کوردی ئاماژە بە کارامەییەکانی دەکات .
د- هاوپێچ کردنی گرێبەستی کاری نێوان (کۆمپانیا و کرێکاری بیانی ناوماڵ ).
**دووەم** : هەموارکردنی خاڵی (٧)ی بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی(٥)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤،لە کۆتایی خاڵەکە و بەم شێوەیە:
((دەستەبەری کرێکاری بیانی ناوماڵ بە پێی یاسا بەرکارەکان دەبێت و بەپێی ئەم ڕێککارانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەری دەکات )).
**سێیەم** : زیادکردنی بڕگەی (چوارەم) بۆ ماددەی (٥)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، ئەمە دەقەکەیەتی :
١- یەکەم: ((ماوەی گرێبەستی کرێکاری بیانی ناوماڵ (٢) دوو ساڵە ، دەکرێ ساڵانە نوێ بکرێتەوە، بەمەرجێك کارکردنی بۆ هەمان خاوەن ماڵ بێت و بە ڕەزامەندی هەردوولا )) .
٢- لەکاتی نوێکردنەوەی گرێبەستی کرێکاری بیانی ناوماڵ بۆ هەمان خاوەن ماڵ ، بڕێك پارەی دیارکراو (بە ڕێژە) دەدرێتە کۆمپانیای هێنەر بۆ ئەو مەبەستە و بۆ هەر ساڵێکی نوێکردنەوە لەلایەن خاوەن ماڵەکە ، لە پاشکۆی ئەو ڕێنماییە دیاری کراوە .
**چوارەم** : زیادکردنی بڕگەی (پێنجەم ) بۆ ماددەی (٥)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، ئەمە دەقەکەیەتی :
((کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی بەرپرسیارە لە کرێکاری بیانی ناوماڵ دوای تەواوبوونی گریبەستەکەی بە گەڕاندنەوەی بۆ وولاتی خۆی )).

**ماددەی (٧):**

هەموارکردنی بڕگەی (٨)ی ماددەی (٧)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :
(( مۆڵەتی ساڵانەی کرێکاری بیانی ناوماڵ دوای تەواو بوونی گرێبەستەکەی دەبێت ، واتا دوای تێپەربوونی (٢) دوو ساڵ ، بۆ سەردانی کردنی بگەڕێتەوە وولاتی خۆی )) .

**ماددەی (٨):**

**یەکەم** : هەموارکردنی بڕگەی (سێیەم )ی ماددەی (٨)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤، وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :
(( ماوەی تاقیکردنەوە لە گریبەستی کارکردنی کرێکاری بیانی ناوماڵ (١) یەك مانگە ، لە ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی لای خاوەن ماڵ دەست پێدەکات .
**دووەم** : هەموارکردنی بڕگەی (چوارەم )ی ماددەی (٨)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤، بەگۆڕانکاری لە ماوەی تاقی کردنەوە لە (٣)سێ مانگ بۆ (١) یەك مانگ

**سێیەم** : هەمــوارکردنی بــڕگەی ســێزدەم لە مــاددەی (٨)ی ڕێنمــایی ژمــارە (٢)ی ســاڵی ٢٠٢٤ ، بە راستکردنەوەی ئەو رستەیە تیایدا (( کە لە بڕگەی (٤) ی ماددەی (٥) ئەو ڕێنماییە دیاری کراوە )) ، ودەبێتە (( ماوەی گەرەنتی یەك مانگە )) ، واتا (ماوەی تاقیکردنەوەی کرێکارەکە) .

**چوارەم** : هەموارکردنی بڕگەی (پێنجەم) ی ماددەی (٨)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤، و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

(( گرێبەستی کارکردن بۆ کریکاری بیانی ناوماڵ (٢) دوو ساڵە و بۆ (٢) دوو ساڵی تر لە بەرێوەبەرایەتی نوێ دەکرێتەوە بەشێوەی ساڵانە ، ونوێکردنەوەکە بۆ ساڵی پێنجەم لە دەسەڵاتی بەرێوەبەری گشتی دەبێت و نوێکردنەوە بۆ چەند ساڵانێکی زیاتر لە دەسەڵاتی وەزیر دەبێت .

**ماددەی (٩):**

هەمــوارکردنی خــاڵی (٣)ی بــڕگەی(دەیەم)ی مــاددەی (٨)ی ڕێنمــایی ژمــارە (٢)ی ســاڵی ٢٠٢٤ ، بە زیادکردنی ئەو رستەیە بۆی :

((وەیان تووشی کەمئەندامی بێت بە ڕێژەی (٧٥٪) بەپێی بەڵگەنامەیەکی پزیشکی فەرمی )) .

**ماددەی (١٠):**

هەمــواری بــڕگەی (ســێیەم)ی مــاددەی (١٢)ی ڕێنمــایی ژمــارە (٢)ی ســاڵی ٢٠٢٤ ، بە زیــادکردنی ووشەی (مۆڵەتی) پێش ووشەی (کار) وبەم شێوەیە دەخویندرێتەوە :

(( سیستەمی کاری تایبەت بە پێدانی <u>مۆڵەتی کار</u> لە گشت .....)) .

**ماددەی (١١):**

هەموارکردنی بڕگەی(دووەم) و (سێیەم)ی ماددەی (١٤)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، و دەبێتە یەك بڕگە وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

**دووەم** : ئەو برە پارانەی کە وەك کرێی کارگێری و تأمینات وەردەگرێت دەخریتە سەر هەژمارێکی تایبەت لە بەرێوەبەرایەتی کە بۆ ئەم مەبەستە دەکرێتەوە . و بڕگەکانی تر ژمارەی تەواوکەر وەردەگرن بەپێی ڕێزبەندی نوێ.

**ماددەی (١٢):**

هەموارکردنی پاشکۆی ژمارە (٢)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ بە پاشکۆیەکی نوێ و بڕە پارەکان تیایدا دیاری دەکرێت .

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم** : ئەو ڕێنمــاییە لە ڕێکەوتــی کۆتــایی هــاتنی مــاوەی ئامــاژەپێکراو لە مــاددەی (١)ی ڕێنمــایی ژمــارە (٨)ی ســاڵی ٢٠٢٤، جێبەجــێ دەکرێــت و لە ڕۆژنــامەی فەرمــی (وقــایعی کوردســتان) بڵاودەکرێتەوە.

**دووەم** : پێویستە لەسەر سەرجەم کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی وکۆمپانیاکانی سروشتی ومەعنەوی وهەموو ئەوانەی ئەو ڕێنمایییە دەیانگرێتەوە لە ماوەیەك لە (٣) سێ مانگ تێپەر نەكات لە ڕێكەوتی بەركاربوونی ئەو رێنماییە خۆیان لەگەڵ حوكمەكانی ئەو ڕێنماییە رێك بخەن.

**كویستان محمد عبدالله**
**وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی**

## پاشكۆ

**١- تأمینات**

| ز | بابەت | بڕی تامینات بە ژمارە | بڕی تامینات بەنووسین | شوێنی وەرگرتن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی | ٧٥،٠٠٠،٠٠٠ | حەفتاو پێنج ملیۆن | بەرێوەبەرایەتی |
| ٢ | خاوەنکاری سروشتی (خاوەنکاری پرۆژە) بۆ هەر کرێکارێکی بیانی | ٢،٠٠٠،٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار | وەرگرتن و گەراندنەوەی لە دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتیە |
| ٣ | یەکەم تاميناتی کردنەوەی لقی کۆمپانیا | ٢٥،٠٠٠،٠٠٠ | بیست و پێنج ملیۆن | بەرێوەبەرایەتی |

**٢- كرێی كارگێری و پێبژاردن**

| ز | جۆر | بڕی بە ژمارە | بڕی بەنووسین | شوێنی وەرگرتن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کرێی خستنە روو (اجور کشف) | ٥٠،٠٠٠ | پەنجا هەزار | بەرێوەبەرایەتی |
| ٢ | داواکردنی هێنانی کرێکاری بیانی بۆ پرۆژە و شوێنی کار (بۆ هەر کرێکارێک) | ١،٠٠٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن دینار | بەرێوەبەرایەتی |
| ٣ | داواکردنی هێنانی کرێکاری بیانی ناوماڵ (بۆ هەر کرێکارێک) | ٥٠٠،٠٠٠ | پێنج سەد هەزار | بەرێوەبەرایەتی |
| ٤ | نوێکردنەوەی ساڵانەی هێنانی کرێکاری بیانی بۆ پرۆژە و شوێنی کار (بۆ هەر کرێکارێک) | ١٠٠،٠٠٠ | سەد هەزار | بەرێوەبەرایەتی |
| ٥ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی هێنانی کرێکاری بیانی ناو ماڵ (بۆ هەرکرێکارێک) | ١٠٠،٠٠٠ | سەد هەزار | بەرێوەبەرایەتی |
| ٦ | پێدانی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی | ١،٠٠٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن | بەرێوەبەرایەتی گشتی |
| ٧ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیای هێنانی کرێکاری بیانی | ٥٠٠،٠٠٠ | پێنج سەد هەزار | بەرێوەبەرایەتی گشتی |
| ٨ | بەسەرچوونی مۆڵەتی کۆمپانیا بۆ هەر رۆژێک تا بڕی نوێکردنەوەی مۆڵەت | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار | بەرێوەبەرایەتی گشتی |
| ٩ | کۆدی ئەلیکترۆنی مۆڵەتی کار | ١،٠٠٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن | بەرێوەبەرایەتی گشتی |
| ١٠ | مۆڵەتی کارکردنی کرێکاری بیانی | ١٠،٠٠٠ | دە هەزار | بەرێوەبەرایەتی |
| ١١ | بەسەرچوونی مۆڵەتی کارکردنی کرێکاری بیانی بۆ هەر رۆژێک تا بڕی (٥٠٠) سەد هەزار | ٥،٠٠٠ | پێنج هەزار | بەرێوەبەرایەتی |
| ١٢ | بۆ نوکردنەوەی گرێبەستی کرێکاری بیانی ناوماڵ دوای دوو ساڵی یەکەم بۆ هەمان خاوەن ماڵ | ١٠% زیاتر نەبێت | لە سەدا دە زیاتر نەبێت | خاوەن ماڵ دەیداتە خاوەن کۆمپانیاکە |

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٤٩٢٢ لە ٢٠٢٤/٩/٢٤**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە:

- ڕاگرتنی ئیش و کارە کانی بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هە ولێر /٣ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە ڕێکەوتنی (٢٠٢٤/٩/٢٩) تاکو (١٠/٢ /٢٠٢٤) ، بەمەبەستی گۆرینی شوێنەکەیان و گواستنەوەی کەل و پەلی بالەخانەکەیان ،
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٥٣٤٥ لە ٢٠٢٤/١٠/١٣**

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە:

- جیاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سۆران لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر .
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن**

**ژمارە: ٥٦٧١ لە ٢٠٢٤/١٠/٢**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٢٥) لە یاسای ڕێگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٢ ، وە ئاماژە بە ماددەی (نۆیەم) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (دووەم) هەروەها پاڵپشت بە کۆنووسی هاوبەشی نێوان هەردوو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و ناوخۆ خاڵی یەکەم وە لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئێستادا هاتۆتە پێش لە جۆر و ژمارەی ئەکسڵی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان وە ژمارەی تایە و جۆرەکانیان بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم بەیانەی خوارەوە :-

١- لە داهاتوودا تەنها مامەڵە لەگەڵ (٣٠) جۆر بارهەڵگر دەکرێت وەک لە لیستی هاوپێچ دیاریکراوە.

٢- ڕێگا نادرێت لەو (٣٠) جۆر بارهەڵگرانە زیاتر تۆمارکردنی بۆ ئەنجام بدرێت یان گۆڕانکاری لە (بۆدی عەرەبانە) بکرێت

٣- ڕێگا نادرێت بە هیچ شیوەیەک ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان یاخود قەلاب لە جۆری سەحال هاوردەبکرێت و بێتە ناو هەرێمی کوردستان لە دەروازەکان ئەگەر جۆری (دەستی بێت یان هەوایی) تەنها ئەو جۆرانە نەبێ کە سەحالەکانیان ئۆتۆماتیکین .

٤- ئەو سەحالانەی کە لەجۆری (دەستی بێت یاخود هەوایی) ئەوا پێویستە لە ماوەی (١) یەک ساڵ لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە دوای بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان) بگۆڕدرێت بە جێگیر یاخود ئۆتۆماتیک .

**ئەندازیار**

**دانا عبدالكريم حمە صالح**

**وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٦٦٤٥ لە ٢٠٢٤/١٠/٩**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بەهێنانە کایەی (استحداث) :-

١- (ماڵی حەوانەوە بۆ ژنانی بێ لانە) لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر ,سلێمانی , دهۆک) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (هەولێر ,سلێمانی , دهۆک) بۆ زیاتر خزمەت کردنی ئەو ژنانەی بێ لانەن.

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٦٣٤٤ لە ٢٠٢٤/٩/٣٠**

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتمان ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧)، و پاڵپشت بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١١٤٤٩) لە ٢٠٢٤/٨/٢٧ بڕیارماندا بە هێنانەکایەی (استحداث) کردنی:

١- (بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەهۆی زۆربوونی پرۆژە و زۆربوونی گیان لە دەستدانی کریکار لەسەر پرۆژەکان.

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**